**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٩٥٤ لە ٢٠٢٣/١٠/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

ئاماژە بە فەرمانی حکومەتی هە رێمی کورد ستان / سەرۆک وەزیران بە ژمارە (١٤٠لە ٢٠٢٢/١/١٩) و بەیانی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، کە تایبە تە بە هێنا نە کا یەی قەزای پیرمام وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە گۆڕینی ناوی فەرمانگەکانی وەزارەتی داد کە بە ناوی سەلاحەدین بۆ ناوی پیرمام سەر بە پارێزگای هەولێرە بەم شێوەی خوارەوە :-

١- گۆڕینی ناوی (تێبینەرا یەتی تۆمارکردنی خانوو بەرەی سەلا حەدین ) بۆ (تێبینەرا یەتی تۆ ماری خانووبەرەی پیرمام )٠

٢- گۆڕینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەڵاحەدین) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی پیرمام) .

٣- گۆڕینی ناوی(فەرمانگەی دادنووسی سەڵاحەدین ) بۆ (فەرمانگەی دادنووسی پیرمام) ٠

٤- گۆڕینی ناوی (جێگرایەتی داواکاری گشتی سەلاحە دین )بۆ(جێگرایەتی داواکاری گشتی پیرمام ).

٥- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٩٥٤ لە ٢٠٢٣/١٠/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراو بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە / بەڕێوەبەرایەتی لێوربوونەوە ژمارە (٤٩٠٩/٥) لە ٢٠٢٣/٩/١٩، وە لەبەر بەرژەندی گشتی وگرنگی بەکارهێنانی سیستەمی (G.I.S) لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رووی رووپێوەی و نەخشەسازی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی (هۆبەی G.I.S) لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦١٩٩ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاســای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ســاڵی ٢٠٠٧ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بەڕێوەبەرایەتی کارگێری خۆیەتی ژمارە (١٩٢٨/١) لە ٢٠٢٣/٩/٢٥ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (یەکەی IT) لە فەرمانگەکانی داواکاری گشــتی (هەولێر ، ســلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە ، گەرمیان، ڕاپەرین ) .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٢٠٢ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:

- ڕاگرتنی ئیش وکارەکانی بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی دهۆک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ، لە رێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٥) تاکو (٢٠٢٣/١١/٦) بە مەبەستی گواستنەوەی کەل وپەلی باڵەخانەکەیان ،

- ئەم بەیانی لە ڕۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**